# فیستیڤاڵێك بۆ نیشاندانی شارستانیەتی كوردی بە جیهان

## فیستیڤاڵێكی هونەری لە مانچستەر بەڕێوەچوو





■ رۆژی ٩/٣٠ - ١٠/١ ناوەندی داهێنانی فیلمی كوردیی لەشاری (مانچستەر)ی بەریتانی فیستیڤاڵێكی هونەری لەژێر ناوی (فیستیڤاڵی زەماوەند) سازكرد كە تیایدا چەندین چالاكی هونەری لەخۆگرتبوو، هونەرمەند (شوعلە سلێمان) یەكێك بووە لەو هونەرمەندە بەشداربووانەو دەربارەی پیشانگەكە وتی: "مەبەست لە سازدانی فیستیڤاڵە نیشاندانی شارستانییەتی كوردیو ناساندنی كلتوری كوردییە بەجیهان، كاركردنی ئەم ناوەندە لەگەڵ پەنابەرانی كوردو نەتەوەكانی ترو لاوانو ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت تواناكانیان پرۆفیشناڵ لە بواری فیلمدا بەرجەستە بكەن".

چالاكییەكانی فیستیڤاڵەكە پێكهاتبوو لەم چالاكییانە: پێشكەشكردنی كۆنسێرتێكی گۆرانیو موزیك، هەروەها نمایشكردنی دوو تابلۆی هەڵپەركێ لەلایەن (گروپی هەڵپەركێی كوردستان)ەوە، بەشێكی تری فیستیڤاڵەكە پێكهاتبوو لە نمایشكردنی (٤٠) كورتە فیلم كە لەلایەن دەرچووانی خولی (رووباری شین)ەوە بەرهەمهێنرابوو.

لە نێوەندی نمایشكردنی فیلمەكاندا فیلمی (كیسەڵەكانیش دەفڕن)ی دەرهێنەر (بەهمەنی قوبادی) نمایشكرا، هەروەها بڕیاربوو هونەرمەند كۆڕێك لەسەر فیلمەكە سازبكات، بەڵام بەهۆی كێشەی فڕۆكەخانەوە نەیتوانی ئامادەبێتو بەتەلەفون پەیوەندی بەفیستیڤاڵەكەوە كردو داوای لێبوردنی كرد كە ناتوانێت ئامادە ببێت.

بەشێكی تری فیستیڤاڵەكە پێكهاتبوو لە بەشی شێوەكاری كە تیایدا پیشانگەیەكی هاوبەش بۆ شێوەكاران كرابۆوە بەسەرپەرشتی شێوەكاران (ئامانج كامیل، سەردار عەبدوڵلا) رێكخرابوو، پیشانگەكە بە بەشداری (١٠) شێوەكاری كورد بوو كە لە شارە جیاجیاكانی بەریتانیاوە هاتبوون بۆ بەشداریكردن كە ئەوانیش (ئامانج كامیل، ئاری رەسوڵ، بەهجەت عومەر، چنار نەجیب، چرۆ موئمن، ئومێد، سەردار عەبدوڵلا، سامی فەرەج، شۆڕش حەمەساڵح، شوعلە سلێمان) بوو.